سەرکی هەرمی کوردستان پەیامکی بەبۆنەی سەری ساڵ باوکردەوە



سەرکی هەرمی کوردستان پەیامکی بەبۆنەی سەری ساڵ باوکردەوە تێیدا وتای پیرۆزبایی رایدگەیەنێت لە ساڵی 2023 "ناتەبایی و ناکۆکیی سیاسیی ناوخۆ، لەنگدانەوەی خراپی بەسەر توانا و پێگەی کوردستانەوە لە عێراق و دەرەوە هەبوو. بووە هۆی ئەوەی هەرمی کوردستان نەتوانێت وەک پێویست ماف و شایستە دەستوورییەکانی بەدەستبهێنێت."

دۆقی پەیامی نێچیرڤان بارزانی لە ساڵی تازەی زایینیدا:

ساڵی تازەی زایینی (٢٠٢٤) لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان، پێشمەرگە قارەمانەکان، هێزەکانی ناوخۆ و تەواوی کوردستانییان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە هەر کوێ بن، لە گەلانی عێراق و جیهان بەگشتی پیرۆز دەکەم. هیوای ساڵێکی پڕ لە ئارامی و خۆشی و سەرکەوتن بۆ هەموان دەخوازم.

بەهۆی لێکەوتەکانی دۆخی سیاسی، ئەمنی، ئابووری و کێشە و قەیرانەکانەوە لە ناوچەکە و

عێراق و هەرێمی کوردستان، ساڵێکی سەختمان بەسەرکرد کە تیایدا ڕووبەڕووی چەندین مەترسی و ئاڵنگاری بووینەوە.

ناتەبایی و ناکۆکیی سیاسیی ناوخۆ، هەنگدانەوەی خراپی بەسەر توانا و پێگەی کوردستانەوە لە عێراق و دەرەوە هەبوو. بووە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان نەتوانێت وەک پێویست ماف و شایستەی دەستوورییەکانی بەدەست بهێنێت. هەبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوا خرا، لە هەبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا لە ناوچەکانی مادەی (140) کاریگەرییە خراپەکانی، دیار بوون.

پێچەوانەی ڕێککەوتنە سیاسییەکان و دەستوور، وەک هەموو گفتوگۆ و هەوڵ و پابەندییەک، زۆرێك لە ماف و شایستەی دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە عێراق فەراهەم نەبوون. چەندین جار بە هۆرش و پەلاماری درێنی، هەڕەشە لە ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان کرا.

جۆبەجێنەکردنی ڕێککەوتنە سیاسییەکان و نەناردنی شایستە و مافەدەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، جگە لە زیان هیچ سوودێکی دیکەی بە عێراق ناگەیەنێت. لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێ هەموان بە گیانی بەرپرسیاریەتیی هاوبەش، بە یەکترقبووڵکردن و تەبایی، بە گفتوگۆ و لێکگەیشتن، کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و تێپەڕاندنی قەیرانەکان بکەین.

با لە ساڵی تازەدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، پەند و وانە لە ڕابردوو وەرگرین و پێکەوە بەرەو داهاتوویەکی باشتر و سەقامگیر و ئاسوودە هەنگاو بنێین. با قەیران و ئاڵنگارییەکان بکەینە دەرفەت و بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان، ئامانج و کێکەرەوەی هەموان بێت. عێراق بەپێکهاتەکانییەوە بەهێز و دەوڵەمەندە و تەنیا بە تەبایی و پێکەوەیی، هەموان براوەن.

لەم بنەیەدا دووپاتی دەکەینەوە کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە و جیهاندا، لەسەر بنەمای ڕێزلێگرتن و بەرژەوەندیی هاوبەش، بەرەو بەپەیوەندییەکانی دەدات. وەک هەمیشە بە فاکتەری ئارامی و سەقامگیری و بە هاوبەشێکی کارای کەمەگەی نێودەوڵەتی و زۆدی فرەیی و پێکەوەژیان دەمێنێتەوە.

بەڕ هیوا و ئومێدەوە لەڕ داهاتوو دەڕوانین و ساڵی نوێ لەڕ هەمووان پیرۆز بێت.